# کیسەڵی ئاویی

ئا: ساکار شەریف
وێنە: بێگەرد عوسمان



هەرچەند ئەم گیاندارە (ئاویی) یەو دەتوانێ بۆ چەند مانگێك لە ئاودا بمێنێتەوە، بەڵام لە وشکانیشدا دەژی. کیسەڵی ئاویی لەشێوەدا لەگەڵ کیسەڵی ئاسایدا جیاوازە، بەوەی کیسەڵی ئاوی دەست و قاچەکانی درێژترن، هەروەها قاچەکانی پانن و لە کاتی مەلەکردندا وەك سەوڵ بە کاریان دەهێنێ. درێژی لەشی نزیکەی ( ٢٤٠ ) سانتیمەترو کێشیشی نزیکەی ( ٩٠٠ ) کیلۆگرامە. لەشی بە قاوغێکی زۆر رەق دا پۆشراوە. کاتێك هەست بە مەترسی دەکات، بۆ ئەوەی خۆی بپارێزێ هەر چوار پەل و ( سەر ) ی دەکێشێتەوە ناو قاوغەکەو جوڵە لە خۆی دەبڕێ تا مەترسیەکە نامێنێ. ئەم گیاندارە سێ رەنگی هەیە: رەش، سەوزی زەیتونی و زەردێکی مەیلەو پرتەقاڵی. کاتێك کیسەڵی دایکانە بیەوێت هێلکە دابنێ، ئەوا لە ئاوەکە دێتە دەرەوەو پاش گەڕانێکی زۆر لە قەراغ ئاوەکە، کە هەمووی ( لم ) ی قشەڵە، شوێنێك دیاری دەکات و دەست دەکات بە هەڵکۆڵینی و نزیکەی ( ٤٥ ) سانتیمەتر هەڵدەکۆڵێت. دوای ئەوەی هێلکەکان لەناو چاڵەکەدا دەشارێتەوە، چاڵەکە بە ( لم ) ەکە دادەپۆشێتەوەو دەگەڕێتەوە بۆ ناو ئاوەکە. ئیتر جارێکی تر ناگەڕێتەوە بۆ لای هێلکەکانی. دوای ( ١٠ ) هەفتە هێلکەکان دەتروکێن و بێچووەکان دێنە دەرەوەو بە پەلە خۆیان دەگەیەننە ئاوەکە.